# بانگەوازێك لە رێكخراویی ئازادیی لاوانی كوردستان

١-بەرێز كوفی ئەنان سكرتێری گشتی نەتەوەیەكگرتوەكان
٢-رێكخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی.
٣-رێكخراوی مافی مرۆڤی جیهانی.
٤-رێكخراوی خاچی سورو مانگی سوری نێو دەوڵەتی.
٥-یەكێتی ئەوروپا.
٦-كۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی.

دەیان ساڵە لاوی كورد لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەكانی تری كوردستان و عیراق، بە دەستی رژێمە یەك لە دوای یەكەكانی عیراق و بەتایبەتی رژێمی دكتاتۆری بەعس، تووشی ئازارو ئەشكەنجەدان و نەهامەتی و جینوساید و بێ سەرو شوێنكردن و تەعریبكردن هاتوون. تا ئازاری ساڵی ١٩٩١ كە خەڵكی كورستانو عیراق بەیەك دەنگ راپەرینێكی گەورەیان بەرپاكرد و تیایدا چەندین شارۆچكەی كوردستان لە دەستی دكتاتۆریەت رزگاركران، لەو رۆژەوە لاوانی كورد ئازادییەكی گەورەیان بەخۆیەوە بینیووە و خەڵكی كوردستان ئیدارەی خۆی دەكات و ئازادییەكی وەها هاتۆتەئاراوە، ئەكرێ بڵێین ئەم جۆرە ئازادیی و دیموكراسیەتە لە رۆژهەڵاتی ناوەرستدا نەبووەو دەشێ ئەم ئەزموونە ببێت بە باشترین شێواز بۆ عیراقی داهاتوو.

وەكو هەموو لایەك ئاگادارە عیراق لەبەردەم گۆرانكاری گەورەدایە و رژێمی دیكتاتۆری لەسەر رووخانە، لەم ساتە وەختەدا پێویستە هەموو دونیا ئاگاداری ووردی خەڵكی ژێر دەسەڵاتی ئەم رژێمە بێت، چونكە ئەم رژێمە كەوتۆتە ویزەی خەڵكو هاتوچۆی لەناو شاری كەركودا بۆماوەی چەند رۆژێكە قەدەغەكراوە (منع التجول) و سەدان لاوی كورد دەستگیركراون لەم شارەدا، ئێمە لە رێكخراوی ئازادیی لاوانی كوردستان، داوا لە هەموو لایەنە بەرپرسەكانی دونیا و ناوخۆ و رێكخراوە پەیوەندیدارەكان دەكەین بەپەلە هەوڵی راگرتنی ئەم كارە بدەن، وپێمان وایە نابێت چاویان لێ بپۆشن، و پێویستە هەموو دونیا بەدەم ئەم بانگەوازەمان بێن بۆ ئەوەی رژێمی دیكتاتۆری دەست لە تەعریب و كوشتنو بێ سەروشوێنكردنی خەڵكی بێ گوناهی شاری كەركوك بەگشتی و لاوانی ئەم شارە بەتایبەتی هەڵبگرێت و گیراوەكان ئازاد بكرێن و هەرچی زووە ئەم رژێمە بگۆردرێت بۆ هێنانەدی عیراقێكی دیموكراتی فیدراڵی یەكگرتوو.

**لەگەڵ رێزماندا.**

وێنەیەك بۆ :-
١-بەرێز ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان.
٢-سەركردایەتی هاوبەشی (ی. ن. ك) و (پ. د. ك) .
٣-مەكتەبی رێكخراوە دیموكراتیەكان.
٤-حزبو لایەنە سیاسیەكان و رێكخراوە پیشەییەكان.
٥-دەزگاكانی راگەیاندن.

رێكخراوی ئازادیی لاوانی كوردستان
٢٠٠٣/٣/١٢ سلێمانی

www.kurdistannet.org كوردستان نێت